# پیاوکوژی بەپێی بەرنامە

ن: برت هالیدی

و: حەمە رەسوڵ حەسەنپوور

نزیکەی نیوە شەو بوو کە "فێرگۆسێن"و "کیسلێر" لە ترومبێل دابەزین. کۆڵانێکیان تاریک‌و بێدەنگبوو، وا دەهاتە بەرچاو چۆڵوهۆڵ بێت. یەکێك لەپیاوە باڵابەرزەکان کە هێندێك بەخۆوە بوو لەو پیاوە خڕلانەی لەگەڵیدا بوو پرسی: وەك بزانی "گراهام" هاتبێت؟

کیسلێر کە بەزەحمەت سەری دەگەیشتە لای شانی هاوڕێیەکەی وەڵامیدایەوە:

–نازانم، ئەگەر نەشهاتبێ تا چەند چرکەی دیکە سەروسۆراخی دەردەکەوێت!.. دەنگێك لەتاریکاییدا بەرزبووەوە، کە دەیگوت: ئێوەی خاشاك دیسان چوونە بەر هەڵلایی، زوو بچنە خوارو بێدەنگ تا بەیانی لێی بخەون.

کیسلێرو فێرگۆسێن کە غافڵگیر بووبوون بەهەنگاوی لەسەرخۆ بەچەند پلیکانەدا چوونە خوارو



دەرگایان لەسەرخۆیان داخست.

"گراهام" بەرەو دەرگای پێشەوەی ماڵەکە چوو و بەخۆی وت:

ئەم جنۆکەیە لەکامە گۆڕدا ون بوو؟! زۆری وەخراند، وەك هەموو ژنەکانی دیکە کات ناسین نازانێت و پاشان بۆڵاندی: ئەم خانمە بێشك بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنی خۆشی درەنگ دەچێ!

نزیکەی کاتژمێرێکی دوای نیوەشەو بوو، کە دەنگی گرەی ماشێنێك گەییە بەر گوێ.. گراهام بێئەوەی چرا هەڵبکات درزی دەرگاکەی کردەوە، بۆ ئەوەی ژنەکە بتوانێت بچێتە ژوورەوەو خۆی چوو، ترومبێلەکەی کە لەبەردەرگابوو سەد مەترێك دوورتر لەپەنا چەند درەختێکی پڕ لق و پۆپ رایگرت. کاتێکی گەڕایەوە ژنەکە لەنێوەڕاستی هۆڵەکە چاوەڕوانبوو.

گراهام دەرگاکەی داخست و ژنەکە کە وا دیار بوو بەپەلەیە پرسیی: گشت شتەکان ئامادەن؟

—بەڵێ! ئەی تۆ؟

ژنەکە بزەیەکی هاتێ وت: پارەکە دەڵێی؟.. هێناومە.. نیوە ئێستا!

—بڕیارمان وا نەبوو خانم.. تۆ کڕیاری و من فرۆشیار، ئەگەر دەزانی کاڵای بابەتی تۆم نییەو ناتوانم دابینی بکەم بۆ هاتییە پێشێ؟.. بەیانی پێش ئەوەی جەماعەت بنێرم دەبێت هەقدە شتەکەیان بدەمێ، هەر بۆیە یان هەموو پارەکە بدە، یان فەرامۆشی بکە، سات و مەودایەك لەگۆڕێدا نەبووە! ژنە گەنجەکە بەسەرسەختی سەری بەرزکردو پیاوەکە وتی:

—لەچی دەترسی؟ پارە ستاندن؟ پارەی بێدەنگبوون؟.. گوێبگرە خانم من بازرگانم کاتێك کاڵایەك دەفرۆشم پاشان مشتەرییەکە فەرامۆشدەکەم، مەگەر ئەوەی خۆی دیسانەوە بەدوامدا بێت و شتێکی پێویست بێت. نهێنیی سەرکەوتنەکەشم تا ئێستا هەر ئەمە بووەو هیچی تر..

—بیرم لەلای تۆوە ئاسوودەییە.. بەڵام ئەو پیاوانەی بەکرێت گرتوون؟

—مەترسە.. ئەوان جێگەی بڕوان.. لەم ڕێگەیەوە دەژین و ئەگەر جێگەی متمانە نەبن کارەکەیان لەکیس دەچێت. ئێمە گشتمان سواری ترومبیلێکین.. واتا چارەنووسمان هاوبەشە، ئەگەر گرفتێك بێتە پێشەوە و تاوانەکەی دەدەین.. هەمووومان دەگیرێین.

ژنەکە بەناچاری جانتا گرانبەهاکەی کردەوەو چەند سەفتەی سەد دۆلاری دا بە گراهام و ئەو بە سەرنجەوە پارەکەی ژماردو بە بزەوە وتی:

—باشبوو.. شەوباش خانم! ببوورە بەیانیت باش.. با ئەم نامەشت پێ بێت بەکەڵکت دێ، تکات لێدەکەم تا نەگەیە ڕێگە سەرەکییەکە چرای ترومبێلەکە هەڵمەکە تا دوازدە کاتژمێری دی ئازادو ساماندارى.. پیرۆزە!

پاشان دەرگای لەسەر ژنەکە پێوەداو هێندە لەوێ بوو تاکو دەنگی ترومبێلەکە لەبێدەنگیی شەودا کپ بوو.

کاتژمێر 8ی بەیانی سێ پیاو لە مەتبەخەکەدا بەدەوری مێزێکەوە دانیشتبوون و بەرچاییان دەخوارد.

گراهام لێی پرسین:

—باشە.. پرسیارێکتان نییە؟

فێرگۆسێن هەیکەلە گوشتنەکەی بزاوت وتی: ئەمەشیان وەك پێسپێردراوی سانچێزە، گەورەم؟

–نا.. هێندێك جیاوازە.. ئەو كارە، مرۆڤ رفاندنی بێ واستە بوو و ئاكامەكەی دوای دەعمێك.. بەڵام ئەمجارەیان پارەیەكمان وەرگرتووە بۆ ئەوەی رووداوێك بخولقێنین. ئەمەم بەم دوانەتان وتبوو.. ئەمەش هەڤدە شتەكەتان، بیژمێرن..

پاشان پەلە بكەن، باش دەزانن بەرنامەكە چییەو تكیتشتان پێیە، قەیدێ دەكات؟ بەچەشنێك كیسلێر پێنەزانێت. چاوێكی لە فێرگۆسین داگرت!

پیاوەكان لەكاتێكیدا پارەكەیان بە نەژمێردراوی دەگیرفان دەپەستاوت، وەڵامیاندایەوە:

نا.. گەورەم گشت شتێك تەواوە، خاتر جەمبە!

كاتێكی پیاوەكان بەدەرگای پشتەوەدا چوونە دەرەوە، بەرپرس بەخۆشحاڵی پاڵی وە كورسییەداو جگەرەیەكی داگیرساند، سات و سەودایەكی قەڵەوی دیش بەئەنجام گەیشتبوو و پێویست بوو ماوەیەك پشووی بۆ بدات، تەماحی پێ كارێكی ژیرانە نەبوو.

***

جێمز ئارتۆر برادلی پیاوێكی لەخۆڕازی، سەربەخۆ، سەختگیرو كاتناسبوو، رێك وەك گراهام، بەڵام پیشەكەیان جیاوازیی زۆری بوو. جێمز مقاولێكی گەورەو بەناوبانگ دەژمێردراو لەتەمەنی 43ساڵیدا سامانێكی زۆری خستبووە سەریەك، زۆر عاشقی هاوسەرە جوانو 26ساڵانەكەی بوو و هەرگیز بیری ئەوەی نەدەكردەوە ئەم ژنە چەندە لێی بێزارەو بەئاواتەوەیە سەری پێوە نەبێت.

ئەو هەموو رۆژی لەماڵەوە تا شوێنی كارەكەی كە نزیكەی 3كیلۆمەترێك دەبوو، بەپێ دەڕۆیشت.

ئەگەر بەردیش بارییبان ئەم كارەی تەرك نەدەكردن، ئەو رۆژە وەك رۆژانی تر كاتژمێر 9ی بەیانی لەماڵ دەركەوتو بە قەراغ جادە پڕ دارو درەختە بێ سەرنجدانە دەورووبەرەكەی، رۆیشت، هێشتا نیوەی رێگەكە نەڕۆیشتبوو لەپڕ پیاوێكی خڕەڵانە لەپێشی راوەستاو بەپێكەنینێكی كە دانە رەشو كرمێیەكانی دەردەخست، وتی:

–ئای!.. سەلام جەنابی براولی، چەند باشبوو جارێكی دیكەش تۆم بینییەوە، باش شوكر؟

جێمز ئەو پیاوەی نەدەناسیو بیری نەدەهاتەوە لەكوێ دیویەتی، بە ئەدەبەوە دەستی بردە پێشەوەو وتی:

–سوپاس، منیش بەبینینی تۆ شادم.. بەڵام تۆ؟

لەم كاتەدا پیاوێكی بەخۆوە لەپشتەوە ئامبازی بوو، بە كەڵكوەرگرتن لە سەرسووڕمانو گەمژەبوونی مقاویل، بەدوان وەك ماسییەك كە بەقولاپەوە دەبێت بەرەو ماشینەكەیان برد، كە لەقەراغ جادەكە رایانگرتبوو و بەر لەوەی پێ بزانێت چی روودەدات، دەستو پێیان بەستنو لەپشتەوەی ترومبێلەكەیان هاویشت، كە پڕی گڵو خۆڵبوو و پیاوە قەڵەوەكە لەسەر كورسییەكەی لاتەنیشت رۆنیشتو ماشێنەكە رۆیشت.

جێمز وە جووڵە كەوتبوو، بەڵام پیاوە قەڵەوەكە قاچی لەسەر تیغەرەی پشتی دانابوو و نۆزەیەكی كە لێیەوە دەهات لەدەنگی ماتۆڕی ترومبێلەكەدا كپ دەبوو. ئەو زۆر زوو زانیی قەزییەی باج وەرگرتن لەئارادایەو خۆ بادانی بێسوودە. چیرۆكی زۆری لەمبارەیەوە بیستبوونو دەزانی زۆرێك لەوانەی دەرفێندرێن بە كەڵكوەرگرتن لە بێشكیان نەك هەر خۆیان دەربازكردووە، بەڵكو

زۆرجار پۆلیسیشیان بردۆتە حەشارگەی پیاو دزەکانو بەگرتی داون، هەروەها ئەو ئاگای لەشێوەی کاری ئەوانە بوو و دەیزانی لەشوێنێك دەیشارنەوەو پاشان بەتەلەفوون یان نامە داوای پارەیەکی زۆر لەهاوسەر یان بنەماڵەکەی دەکەنو هەمیشەش دەڵێن ئەگەر پۆلیس ئاگاداربکرێ بارمتەکە دەکوژن، بەلام زۆربەی خەڵکی پۆلیس ئاگاداردەکەن، کە دیارە ئیشێکی مەترسیدارەو ئەو هیواداربوو هاوسەرەکەی ئیزابێل دوچاری ئەم هەڵەیە نەبێت!

ئەو تا ئێستاش بەم بیرکردنەوانەوە خەریکبوو، کە هەستیپێکرد ترومبێلەکە بەرەو باشوور بایدایەوەو پاش دە چرکەیەك چووە نێو جادەیەکی فەرعەوە، کە لەرۆژئاوای جادەی سەرەکی بوو. ئێستا ئیتر دەنگی هیچ ترومبێلێك نەدەهات وا دیاربوو جادەکە چۆڵبێتو لەوانەشە تایبەتی بێ. ئەو بۆی دەرکەوتبوو لەگەڵ تاقمێکی کارامەدا بەرەو روویەو بێشك حەشارگەشیان هەیە. هەروەها دڵنیابوو ئەو رێگەیەی پێیدا هاتوون بەزەینی خۆی سپاردووەو لەوانەیە پاشان بەکەڵکی بێت.

نزیکەی پێنج چرکە دواتر ترومبێلە کۆنو شەقو شڕەکە کە لەوانەیە لەشوێنێك دزرابێ راوەستاو پیاوە زلە قەڵەوەکە قاچی لەسەر پشتی وی لابردو لەچنگ تێنو تاقەتی ئەو رزگاری بوو، بەلام دەستو قاچی تەزیبوون، دەرگای ترومبێلەکە کرایەوەو دەنگێکی وتی: وەرە دەرەوە..

کاتێك بە دژواری دابەزیو لەسەر پێیانی وەستا، هەستی بەچەند درەخت لە دەورووبەرەکەی کردو لەبەر ئەوەی قاچی تەزیبوون بۆ ئەوەی خۆی رابگرێو بەعەرزیدا نەکەوێ بەرەو یەکێك لەدرەختەکان خوشیو لەپڕ سینگی وە شتێکی قورس کەوت، بەلام رێگەیان نەدا دەستو قاچی وەخۆ بێنەوە، بەراکێش راکێش بەرەو خانوویەکی ئەو دەورووبەرانەیان بردو هەر لەبەردەرگاوە بە پیلەقەیەك دە ژوورێیان پەستاوت. ئەو کە غافڵگیر بوو بوو نەیتوانی خۆی رابگرێ لەسەر سینگ لەسەر عەرزەکە پان رابوو.

کیسلێر بە پیلەقە بەندییە دەستو پێ بەستراوەکەی فرێدایە نێو مەخزنەکەوە. بەر لەوەی فێرگوسێن بچێتە نێو مەخزنەکەوە بەدەمانچەی لەسەر پێ دوو فیشەکی بە سەروملی ئەو پیاوەیەوە نا، کە بەرەودەم لە مەخزنەکەدا بوو.

جێمز ئارتۆر براولی بێئەوەی شێتك ببینێ یان متەقی لەبەر بێتەدەر، جەستەی وێك هاتو لەرزیو بێدەنگبوو.

کیسلێر نەڕاندی.. چۆنبوو؟ پاشان پێکەنی، پێکەنینێکی بەرزو لەدڵان ناخۆش، کە لەم پیاوە خڕکەلانەیە نەدەوەشایەوە!

–زۆر باشبوو، زۆر جوان!

کەوایە با ئێستا بچینە شوێنگۆڕینی نەخشەکە.

کیسلێر بەتوندی وە هەلەکەسەما کەوتبوو و خۆشحاڵبوو، بەچەشنێك تەنانەت هاوکارەکەی فێرگۆسێن تووشی سەرسووڕمان بووبوو و بەرقەوە سەیریدەکرد.

–ئێستا وەریگێڕەوە. زۆر قورسە. تاقەتم پێ ناشکێت.. جزدانەکەی لەگیرفانیدا جێ دەهێڵین، هەویەکەی پێویستە هەرچی زووتر ببینرێتەوە.. بەلام نەغدینەکەی بەئێمە دەگات، بۆ هەڵی نەگری؟ چما بەخشیشمان ناوێت؟. فێرگۆسێن بەبزەیەکی بەتەوسەوە سەری بادا، ئەو بیری لەشتێکی دیکە

دەکردەوە.. چاوداگرتنی بەرپرس و ئەوە کە پارە نابێت لەگیرفانی کوژراوەکە دەربێت، چونکی پۆلیس دەزانێت کەسی سێیەم لەئارادا بووە.

کیسلێر لەکاتێکیدا دەمانچەکەی دەخستەوە کیفەکەی، جگەرەیەکی داگیرساند وتی: کاتێك کارەکەمان دوایی هات سواری ترومبێلەکە دەبین و ئەم پیاوە لەو جێیەی وتم فڕێدەدەین، ئەمجار بەجیاجیا دەچین بەرەو فڕۆکەخانەو چەند کاتژمێر دواتر هەریەکەمان لەشارێك سەردەردێنین، دروستە؟

فێرگۆسێن وەڵامێکی نەدایەوەو کێسلێر درێژەی بەقسەکانی دا: خواگیان چەندە نەخشەیەکی جوانبوو، ئەم خانمی خانمانە چەندە باش توانیی ببێتە ژنێکی ساماندار.. نازانم چۆن پەیوەندیی بە بەرپرسەوە گرت؟

هەروەك دامان نابوو لەڕێگەی سەندیکاوە. بێشك شارەزاییەکی باش هەبووەو نەخشەکەی لەپێشدا داڕشتووە.

کێسلێر بەداخەوە وتی: نیوەی تەمەنی شووەکەیەتی، زۆریش کەشخەو زیرەکە، ئێستا نامەیەك لەلایەن ئێمەوە بۆ خوێندە نووسێت و نیشانی پۆلیسی دەدات، پاشانیش بەگوێرەی فرمانی بەرپرس پارەکە ئامادە دەکات و بەچەشنێك پۆلیس نەتوانێت شوێن پێی بکەوێت، دەیدا بەپۆلیس و ئەوکات ئێمە شتێکمان پێدەگات و ئاخرەکەشی خانم تەرمی مێردەکەی لەشوێنێك دەدۆزێتەوەو چەندە جوان، من و تۆش بەباشی ساماندار دەبین.. هاوڕێ!

فێرگۆسێن لەبن لێوانییەوە بۆڵاندی: چەپەڵ تۆ ناو پێش ئەوەی کێسلێر هەست بەمەترسی بکات وەك لادیوار بەسەریدا رووخا، پیاوە خڕەڵانەکەی لەنێو دەستانیگرت و دەمانچەکەی وی لەکیفەکەی دەرهێنا، پێویستبوو فیشەکەکان لەچەکێکەوە هاویژرابان، نەخشەکە لەسەرەتادا بەم چەشنە بوو!

بۆ جارێکی دیکە دەنگی تەقە لەمەخزنە چۆڵەکەدا بەرزبۆوە، ئەمجارەیان کیسلێر بەمێشکی تێکپرژاوەوە لەپەنامەینی جێمز ئارقۆر براولیدا لێیکەوت! فێرگۆسێن داهاتەوەو سیلاحەکەی لەدەستی راستی وی ناو قامکی لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکە توندکرد، ئەو نەدەبوو ترومبێلە شەق وشڕە بەرێت، چونکی نەخشەکەی تێکدەداو دەردەکەوت کەسی سێیەمیش لەوێ بووە. بەڵام دەبوو کارێکی دیکە بکات و ئەویش هەڵگرتنی پارەی گیرفانی کێسلێر بوو، بەشی پیاو دزییەکەی کە بەوی دەگەیشت و بەتایبەتی ئەگەر پارەی زۆریان لەپنا تەرمەکەی دۆزیبایەوە پۆلیس وەشکدەکەوت بەڵام بلیتی فڕۆکە چی؟

نا.. دەبێ لێگەڕێم لێرە بێ! بەم چەشنە پۆلیس زووتر دەیناسێت و زەحمەتەکەیان لەسەر دەرخستنی جێگەی پەنجەکانی لەسەر سیلاحەکە کەمدەکاتەوە.

فێرگۆسێن جلەکانی تەکاندن و سەیری دەورووبەرەکەی کرد، هەموو شتێك لەجێگەی خۆیدا بوو، ئەو بەپاس دەگەڕایەوە بۆ شارو ژنی براولیش نامەی داواکارییەکەی دەبردە لای پۆلیس و شتەکە دەچووە نێو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانەوە. هەم تەرمەکانیان دەدۆزینەوەو هەمیش وا دەهاتە بەرچاو کێسلێر مقاویلەکەی کوشتووەو پاشان بەهەر هۆیەکی نادیارەوە فیشەکێکیشی لەسەری

خـۆی داوه.. نەخـشەیەكی باشـبوو، زۆریـش بـاش بەئـەنجام گەیـشت. تـەنیا كـارێكی پێویـستبوو بەگەیشتنی بۆ شار بیكات تەلەفوونێك بوو هیچی تر.

***

ئیزابێل برادلی رۆژێكی دژواری گوزەراند، لـە كاتـژمێر دەی بەیانییـەوە تـاكو دووی دوای نیـوەڕۆ چـەند جـار تەلـەفونی بـۆ شـوێنی كـاری هاوسـەرەكەی كـردو دڵنیـابوو لـەوەی نەگەیـشتۆتە نووسـینگەكەی‌و ئەمـە ئـەوەی دەگەیانـد كارەكـە بەباشـی بەڕێوەچـووە. چـەند جـار ئـەم كارانـەی پێویستبوو بەئەنجام بگات، لـە دڵـی خۆیدا پێیاندا هاتـەوە بۆ ئەوەی تووشی هەڵـە نـەبێت. یەكـەم كاری ئەوەبوو كاتژمێر شەشی ئێواره‌ پەیوەندی بەپۆلیسەوە بكات‌و لەبەر ئـەوەی رووداوێك رووی نـەدابوو دڵخۆشـییان دەدایـەوەو دەیـانوت، نیگـەران نـەبی‌و دڵنیـا بـی تـا دوو كاتـژمێری دیكـە دەگەڕێتـەوە بۆ مـاڵ. دوو سـەعات دواتر دەبوو دیسانەوە تەلـەفون بۆ پـۆلیس بكاتـەوەو گەیـشتنی نامەكـە رابگەیـەنێت.. ئـەمجارەیان پـۆلیس مەسـەلەكەی بەجیـددی وەردەگـرت‌و یـەك یـان چـەند موچەخۆر دەهاتنە ماڵ‌و تەلەفونی ماڵەكەیان كۆنترۆڵ دەكردو چاوەڕوانی دواین هەواڵ لەلایەن پیاو دزەكانەوە دەبوون.. هیچ دوور نەبوو رۆژنامەكانیش ئاگاداربایەن‌و بۆ وتووێژ پێیان داگرتبایە.. ئەو دەبـوو خـۆی بـە خـەمناكی بنوێنێـت‌و ئامـادەی قسەكردن لەگەڵیانـدا نـەبێت.. پاشـان بـرادەرو هاوكارەكـانی مێردەكـەی ئاگـادار دەبـوون‌و هاوخـەمییان لەگەڵـدا دەكـردو پێـشنیاری یارمـەتییان پێدەكرد..؟

كـە هەفتەیـەك تێپـەڕبوو مەسـەلەكە فـەرامۆش دەكـرا و ئـەو دەبـوو بـەخاوەنی مـاڵ و سـامانە زۆرەكەی هاوسەرەكەی‌و ژنێكی گەنجی ساماندارو ئازاد بوو و دەیتوانی چۆنی حەزدەكات چێژ لـە ژیان وەربگرێت‌و.. ژنەكە بەم بیركردنەوانە بێ ئەوەی بیەوێت بزەیـەكی هاتی‌و سـەیری كاتـژمێرە دیوارییەكەی كرد، كات لەچواری دوای نیوەڕۆ لایدا بوو، دەبوو تەلەفوون بكات. كاتێك گووشـی تەلەفوونەكـەی هـەڵگرت بۆ ئـەوەی ژمارەی پۆلیس بگرێت، زەنگی دەرگـای ماڵەكـەیان لێیـداو ئـەو لەجێگەكـەی هەسـتا، تەلەفوونەكـەی دانایـەوەو چـوو بـۆ لای دەرگاكـە، بـەڵام بـەر لـەوەی دەرگـای ساڵۆنەكە بكاتەوە كارەكەری ماڵەكەیان هات‌و لەكاتێكیدا هانكە هانكی دەهات وتی:

—خانم، دوو كەس لەدەرەوەن‌و كاریان بە تۆیە.

—كێن..؟ چییان دەوێت؟

—جلی مەدەنییان پۆشیوە، بەڵام دەڵێن پۆلیسن!

ئیزابێل رەنگی چرژاو بەر لەوەی وەخۆی بێتەوە دەرگا كرایەوەو ئەوان هاتنەژوور.

ئیزابێـل دەسـت‌و پێـی خـۆی گومكردبـوون، بـیری چـووبۆوە دەبـوو چ یارییـەك ئـەنجام بـدات، بێئەوەی بەخۆی بزانێت چەند هەنگاو بەرەوپێشەوەچوو، وتی:

—هەواڵی جێمز چییە؟ دۆزیوتانەتەوە؟

یەكێك لەپیاوەكان بەرقەوە سەیری كردو ئەویتریان بە كەلەپچەیەكی كە بەدەستییەوە بوو لێـی نزیكبۆوە. ئیزابێل بەترسەوە خۆی كێشایە دواوەو بەدەنگی كە وەك ناڵین دەچوو پرسی:

—چی؟ چما شێت بوون.. مەبەستتان چییە؟!

-خانم، دەست لەم يارييانە هەڵگرە، ئێمە تەرمی هاوسەرەكەتمان دۆزیوەتەوەو لەمەش گرینگتر ئەو تۆماركەرە بچووكە بەهێزەی كە لەگیرفانیدا بووەو كاتێك بەسەر سینگیدا كەوتووە، كەوتۆتە كارو زۆر قسەی لایە، دەتەوێ گوێی بۆ بگری؟ فەرموو گوێ رابگرە:

كە جیهازەكە رۆشندەكرێت لەپێشدا دەنگی دوو گوللە دێتە بەرگوێ و لەپاشان:

-چۆنبوو؟ دەنگی پێكەنینێكی بۆڕو ناخۆش!

-زۆر باش بوو، زۆر جوان.

-كەوایە با ئێستا بچینە سەر گۆڕینی نەخشەكە..

-ئێستا تۆ وەریبگێڕەوە، زۆر قورسە، تاقەتم پێ ناشكێت.. ئێمە جزدانەكەی لەگیرفانیدا جێدەهێڵین. پێویستە هەویەكەی زووتر بدۆزنەوە.. بەڵام نەغدینەكەی بەئێمە دەگات.. بۆ هەڵی نەگرین؟.. چما ئێمە بەخشیشمان ناوێت؟.. دوای ماوەیەك بێدەنگی:

-كاتێك ئیشەكەمان دوایی هات سواری ترومبێلەكە دەبین و جەنازەكەی لەو شوێنەی وتم فڕێ دەدەین، ئەمجار جیا جیا دەچین بۆ فڕۆكەخانەو چەند سەعات دواتر هەر كامەمان سەر لەشارێك وەدەردەنێین، وایە؟

-خواگیان، چ نەخشەیەكی جوانە، ئەم خانمی خانمانە چۆن توانیی وا بەسادەیی ببێتە بێوەژنێكی دەوڵەمەند.. نازانم چۆن پەیوەندیی بە بەرپرسەوە گرت؟

-هەروەك ئێمە گوتمان، لەڕێگەی سەندیكاوە، بێشك ناسێنەرێكی باشی هەبووەو لەپێشدا نەخشەكەی كێشاوە.

ئەو تەمەنی بەقەدەر نیوەی مێردەكەیەتی، زۆریش جوان و زیرەكە، ئێستا لەلایەن ئێمەوە نامەیەك بۆ خۆی دەنووسێت و نیشانی پۆلیسیان دەدات و پاشانیش بەپێی ئەمری بەرپرس باجەكەی ئامادە دەكات و بەچەشنێك مەئموورەكان نەتوانن جێگەی پێی هەڵبگرن، دەیدا بە پۆلیس و..

ئیزابێل خەریكبوو شێت بێ، رەنگی بەتەواوەتی چرژابوو و زۆر بەتوندی دەلەرزی، بێئەوەی بەخۆی بزانێ ئاوڕی دایەوەو سەیری ئەو زەرفەی كرد لەپەنا تەلەفوونەكە دانرابوو، پۆلیس بەسەیركردنەكەی زانی.. ئاخرەكەشی نەیتوانی لەسەر پێیانی راوەستێ، لەكاتێكیدا خەریكبوو خلۆر بێتەوە هەردووك دەستی لەسەر گوێیانی دانان و هاواریكرد:

-بەسە، ئەم دەنگانە كپ بكەن.. بەزەییتان بێت..و بە بێهۆشی لەسەر زەوی پان رابوو!

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (جدول) تایبەتی پایزی 1383ی هەتاوی، ل151-157.